# کێشەکان بەردەوامە:
# فەرەیدون دارتاش هەڕەشەدەکات و ناسرحەسەنیش دەیەوێت شەرعیەتی لێبسەنێتەوە !!



**سارەوان ئەنوەر**

نارەزایی ئێمە لەسەر ڕێکخراوی هونەرمەندان،نارەزایی نیە لەسەریەکگرتنەوەی یەکێتی هونەرمەندان و ڕێکخراوی هونەرمەندان،بەڵکونارەزایی ئێمە لەسەربێ سسیستەمی وگەندەڵی ئەو دوڕێکخراوەیە کە بەئارەزوی خۆیان بڕیاردەردەکەن و کەس نیە پێیان بڵێت بۆ؟؟نارەزایی ئێمە لەسەر کۆکردنەوەی ئەو لەشکرەهونەرمەندەیە کە بەزۆرلەناو ئەم ڕێکخراوەداکۆکراوەتەوە....

ئەمە سەرەتای ئەو قسانە بوو کە"دەروێش عومەر "لە مەراسیمی کۆبونەوەی هونەرمەندانی نارازی کردی وەك پێشەکیەك بۆکارو چالاکیەکان ئەو گروپە هونەرمەندە نارازیەی کەماوەی مانگێکە لەنێوەندی هونەرییدا زۆرترین قسەیان لەسەردەکرێت ،هەربۆیە چالاکیەکانی ئەم گروپە چەندین کۆبونەوەی بەدوای خۆیداهێنا کەدواترینیان کۆبونەوەی سەرلەبەیانی ڕۆژی11/3لە هۆڵی سلێمانی بەئامادەبونی نوێنەرانی هونەرمەندانی نارازی لە شاری سلێمانی و کەرکوك و دەربەندیخان و چەمچەماڵ،وەك لەپرۆگرامەکانی ئەم کۆبونەوەدا گفتوگۆی لەسەرکرا ،پلان و کاری داهاتوو قسەو باسی لەسەرکراو بەچیرۆکێکی درێژیش سەرجەم کارو هەوڵەکانی هونەرمەندانی نارازی بۆئامادەبوان خرایە ڕوو...

دەروێش عومەر بە حەماسێکی پڕلەجدیەتەوە دەڵێت"ئاخر چۆن دەبێت ڕێکخراوێکی هونەریی بۆ کۆنگرەیەك (75کەس) بانگێشت بکات ،بەڵام بۆپێشوازی عەبدولعەزیز حەکیم 1000هونەرمەندکۆبکاتەوە،بۆلای مام جەلال و کۆبونەوە حیزبیەکان و سەرکردەکان سەدان وهەزاران هونەرمەند کۆببێتەوە،ئەم ڕێکخراوانە پێویستە بەتوندترهەڵوێستیان لەسەروەربگرین..

سەبارەت بە شێوازی مەدەنیانەودیموکراسیانە و دورلەهەڵچون،کەبەردەوام ئەو ڕێکخراوە هونەرمەندانی نارازی بێ تاوانباردەکات،دەروێش پێی وایە ئەمە موبادەرەیەکی سیاسی ئەو ڕێکخراوەیە ،ئەگینا لەسەرەتاوە ئێمە بانگەشە بۆدیالۆگ دەکەین،ئەوە ئێمەین بە نەرێتێکی زۆردیموکراسیانەڕۆیشتینە بەربارەگای یەکێتی هونەرمەندان،بەڵام بەداخەوە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە ڕێگەی نەداین بچینە ناو بارەگاکەوە!!ئێمە نەبوین پۆلیسمان هێنا ،ئەوان بون پۆلیسیان هێنابۆ

پارێزگاریکردن، بۆ قابیلە ئێمە بارەگاکە بسوتێنین؟؟ ئێمەین بانگێشتی هونەرمەندان و جیهاد دڵپاك دەکەین بۆپارکی ئازادی بەڵام کەسیان نایەن ،ئێمەین لە بەیاننامەکانمان دەڵێین بەڵێ بۆدیالۆگ،بەڵێ بۆدیالۆگ،بەڵێ بۆدیالۆگ ، نەك وەك کاك فەرەیدەن بەداخەوە دەڵێم دوێنێ شەو لەتەلەفزوێنی گەلی کوردستانەوە بۆچاوترسێنکردنی ئێمە هەڕەشەی ئەوەدەکات کە وەزیری ڕۆشنبیری سەڵاحیەتی ئەوەی داوە پێیان کە بە موچەی ڕێزلێناندابچنەوە ،وەك ئاماژەیەك و ترسانێك ئەوەی بەشداربێت لە نارەزایی ڕێزلێنانی دەبڕن ،کەواتە ئێمەین دیالۆگ ڕەتدەکەینەوە یان ئەوان؟؟ بۆیە کارکردنمان بەوشێوازە لەناوئەورێکخراوە دا شتێکە لە بێ ئومێدی و تێکشکان..

سەبارەت بەم قسانەوەو ڕەخنەوڕەخنەلەخۆگرتن لەناو ڕێکخراوی هونەرمەنداندا هیوارەئوف ئەندامی دەستەی باڵای ڕێکخراوی هونەرمەندان بانگەشەی هونەرمەندانی نارەزایی دەکات بۆئەوەی بێنەوە بۆناو قەڵاکەوچیتر لەدەرەوەی ئەو ڕێکخراوە ڕەخنەنەگرن،چونکە ئەو ڕەخنانەی ئەوان گرتویانە ئەم وزۆرهاوڕێی تریش ساڵانێکە لەناو ئەو ڕێکخراوەدا دەیگرن،هیوا پێی وایە ئەو ڕێکخراوە تاڕادەیەکی باش ئازادیەکانی فەراهەم کردوەو بۆیەکجاریش بێت پشتی بە بڕیاری سیاسی هیچ حیزبێك نەبەستوە ،ئەم قسانەی هیوا ڕاشکاوانە بەرەو ڕوی هونەرمەندانی ناڕازی کردی ،هەربۆیە لەناو کۆبونەوەی هونەرمەندانی ناڕازیدا ئاڕاستەیەکی توند لەگفتوگۆڕوبەڕوی هیوا ڕەئوف کرایەوە ،بەشێوازێك خەریك بوو کۆبونەوەکە لە ئاڕاستەی خۆی لابدات...

ناکرێت لە ڕەخنەکانی هونەرمەندانی ناڕازیدا کێشەی کۆنگرەو شێوازو فۆڕمی کۆنگرە باس نەکەین،ئەو کۆنگرەیەی کە بۆمبێکی تەوقیتکراوبووبویەهۆی دروست بونی دونیایەك کێشە بۆئەم ڕێکخراوە نوێیە ،بەجۆرێك ئاماژەسەرەتاییەکان باس لەقەیرانی زۆردەکەن لەبەردەم کارەکانی ئەم ڕێکخراوەدا،چونکە ئەزمونی هاوشێوەی ئەم کۆنگرەی یەکبونە لەساڵی 1993دا هەبوو کەهەمان ئەو کەسانەبوون کە ئێستا لەم دوڕێکخراوەدابون،بەڵام یەکگرتنەکەش چەندمانگێکی برنەکردو زوو لێکجیابونەوەی بەدواداهات ودوڕێکخراوی هونەریی لێکەوتەوە...

بۆکۆی ئەم بۆچون و پێشهاتانە هونەرمەند "ناسرحەسەن" پێی وایە بەستنی کۆنگرەی ئەم جارە دیارترین خاڵی ناشەرعیەتی ئەوانە ئەوان هەریەکە 75کەس بون بەشێوەی تەوافوق ئێمە ئیمزای هونەرمەندی ناڕازی گەیشتوتەوە 400هونەرمەند کەواتە ئەو کۆنگرەیە ناشەرعیەو داواکارم لەهونەرمەندان پلان دابنێن بۆسەلماندنی ئەو ناشەرعیەتەو بائیدی ئیش لەسەر ئەم لالیەنە بکەین نەك شتی تر،چونکە بەڵگە زۆرە ،بۆنمونە لەکەرکوك تەلەفون کراوە فلان و فلان وەرن بۆکۆنگرە ئاخر ئەمە دیموکراتی و مەدەنیەتە،بەبڕوای من ئەمانە وای کردوە کە هونەری کوردی لەشوێنی خۆی بوەستێت...

سەبارەت بەو کۆبونەوە بەرفراوانەو پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەیەك بۆ کارەکانی هونەرمەندانی ناڕازی ،ئایا ئەمەپێچەوانەی ئەو خاڵە نیە لە بەیاننامەی دووەمی هونەرمەندانی ناڕازی هاتوە کەدەڵێت"ڕێکخراوەکەمان جێناهێڵین بۆکەسانی گەندەڵ؟؟بەڵام ئەم هەڵبژاردنە جۆرێکە لەدروستکردنی ڕێکخراوێکی نوێ ؟؟شەفیق موحەمەد وتەبێژی هونەرمەندانی ناڕازی دەڵێت "نەخێر،ئێمە ئەمڕۆکۆبوینەتەوە بۆئەوەی بەکارو چالاکیەکانماندابچینەوە ئەوەی ڕابردوو،پلانێکیش بۆداهاتوو دابنێین،وەك لەو پلانەی کە خوێنرایەوە ،ئەو دەستە 9کەسیەش کە بەبەشداری بەشێکی زۆرلەهونەرمەندانی ناڕازی و کەسانی یاسایی ،تەنها بۆئەوەیە کە ئەم دەستەیە بەشێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراوو بتوانین ئەوئامانجانەمان بهێنینە دی کە کاری بۆدەکەین،وابزانم ئەمەش شتێکی پێچەوانەی یاسانیە ،ئەی ئەگەرهاتو نەتان توانی ئەم کارانە یان ئەو ئامانجانە بێننە دی چی دەکەن؟؟ شەفیق ئەمەبە شتێکی زۆرئاسایی دەبینێت وپێی وایە بۆوڵاتێکی وەکو ئێمە ئەگەرێکی چاوەڕوان کراوە ،ئێمە هەمو هەمو لەکانمان دەخەینەکار ئەگەر توانیمان مەبەست و ئامانجەکانمان بهێنینە دی ئەوە شتێکی باشە ئەگەرنا زۆرشەفافانە ڕایدەگەیەنین و دەڵێین کاکەلەو پرۆژەیەدا فەشەلمان هێنا،چونکە ئێمە هەرلەسەرەتاوە ئەو ئەگەرەمان لەبەرچاوبوە..

سەبارەت بەودیدارە تەلەفزۆینیەی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەورێکخراوە لەشەوی پێش کۆبونەوەی هونەرمەندانی ناڕازی لەتەلەفزۆینی گەلی کوردستان پەیوەندیمان کرد بەیەکێك لەئەندامانی دەستەی باڵای ئەو ڕێکخراوەوە ،بەڵام ئەو مەرجی ئەوەی دانا کە نابێت ناوی بڵاوبکرێتەوە ،لەبەرامبەردا کۆمەڵێك زانیاری دروستی پێداین،ئەو ئەندامەی دەستەی باڵا ئەوەی پشت ڕاستکردوە کە بەڵێ ئەو دیدارە یەکێك لەئامانجەکانی پەیامێك بوە بۆهونەرمەندانی ناڕازی ،بەڵام ئێمە زۆرێك لەئەندامانی دەستەی باڵاڵەگەڵ قسەی ئەو دوبەڕێزەدانەبوین،بەتایبەتی ئەوەی برای بەڕێزمان کاك فەرەیدون کە جۆرێك لەحەساسیەتی دروستکردوەلای بردادەرانی هونەرمەندانی ناڕازی،ئێمە بۆزۆرشتی تریش تەنانەت بۆمانگرتنەکانی هونەرمەندانیش هەمان هەڵوێستمان هەبوو،بەڵام سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە تاك ڕەوانەبڕیاریدا مەجبور قبوڵی بکەین،لەبەر هەندێ ئیعتیباری تایبەت،هەرچەندە ئێستا زۆرێك لەکارو چالاکیەکانمان لەناو ڕێکخراوی هونەرمەندان وەستاوە بەهۆی ئەم هونەرمەندانەی کە ناڕازین لەکارەکان،ئەوە حەقیقەتێکەو زۆربرادەریش لەدانیشتنەکانماندا باس لە دیالۆگ لەگەڵ هونەرمەندانی ناڕازی دەکەن نەك لەبەرئەوەی برادەرمانن،بەڵکو لەبەرئەوەی کۆمەڵێك هونەرمەندی جدی و ئیشکەرن.....

هەرچۆنێك بێت ئەو ئامانجانەی کە هونەرمەندانی ناڕازی هەیانە لەبەرچاوزۆرێك لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو ڕۆژە خستیانەڕوو،بەبەرچاوی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشەوەوبەئامادەبونی یاساناسێك هەڵبژاردن بۆدەستەیەکی بەڕێوبردنی هونەرمەندانی ناڕازی کرا لەئەنجامدا نۆکەس دەرچون کە هونەرمەند ناسر حەسەن زۆرترین دەنگی هێناو پێدەچێت لەوەرزی نوێی کارکردندا ئەم هونەرمەندە وەجهی دیاری هونەرمەندانی ناڕازی بێت،ئەویش چەند جارێك ئەوەی دوبارەکردوە کەپێویستە ناشەرعیەتی کۆنگرە بسەلمێنین ،بەڵێ ناشەرعیەتی کۆنگرە!!!